# دووی ڕێبەندان

**سواره ی ئێلخانی زاده**

بیرەوەریی دووی ڕێبەندان
دەمخاتە سەر بەستە و بەندان
ڕێبەندانی ڕێنوێنە
لە داگیرکەر سەرشێوێنە
هەڵات لە هەموو دیاران
پێ پیلکەی دێو، تەختی تاران
دوژمنی کورد جێ پێی لێژە
با بگێڕین گەڕەلاوێژە

هۆ هۆ شوانە! بە نەغمەی تەڕ و پاراووت
بە بلـوێری لە خەم و دەردا سووتاوت
باروژێنە گیانی خەوتووی گەزیزەی هەرد
بە 'سوارۆ' یێک، بە 'حەیران' ێک، دامرکێنە بلێسەی دەرد

هۆ هۆ جووتێر، چەوساوەی خەمان!
خاڵە ڕێبواری خەیاڵت نیشتەجێ بوو
خەمان نەمان
بە ئارەقی نێو چاوانی بەرز و تەرزی کرێکارانت
چناری هیوا با شین بێ
لە کووزی ڕووی دەردەدارانت
ئەی کچی جوان!
ئەی یەزدانی داوێن پاکی!
دیلانێ بگێڕە
بەسەر چوو
دیلـی و زەلیلـی و خەمناکی
ئەو هەورییەی لە دەوری دارت پێچاوە
لە دەوری دەستت هاڵێنە
بە دەم سووڕانی سەماوە
شایی دەگەڕێ لە هەموو دێیان
گیان هاتوەتە ئاسۆی گوێسوان
دیلان دەگەڕێ لە هەموو ماڵان
پیرۆزبایی لە هاواڵان

ڕێبەندان!
بەو زستانەم دڵ بەهارە
لە هەموو سنووران هاوارە
لە دوژمنان ڕێبەندانە
بۆ کوردەواری گۆوەندانە

شایی نەدار و هەژارە
ئەوجار هەژار خۆی سەردارە

مەڵبەند بەهاری تێ زاوە
'قازی' ی مەزن هەروەک کاوە
هێزی کۆمەڵی لەپشتە
هەودای خاوی هیوا گشتە
قورینگ چلـەی زستان دەبڕن
چاویان لە کوردستان دەبڕن
بە پۆل گوڵی لە شەتاوان
دەخەملێنن دەم چۆماوان
بیستوومە لە کۆنەپیاوان
سەرگوریشتەی خاوەن ناوان:
"لە سەخڵەتا خۆشیی دیارن
هەر زۆرە کوژەی زۆردارن"
نەزیلـەی باپیران وایە
"شەو بۆ مێردان وەک قەڵایە"

شەوەی شەو لەشی گوشیبووین
ڕێبەندان ڕێگای تەنیبووین
گیانمان خارا بە دەرد و ئێش
ڕێگای ئازادین گرتەپێش
پاش چەند ساڵ لە نوور دووریمان
هەڵبوو چرای جەمهووریمان

با بگێڕین زەماوەندێ
با بۆتان بڵێم سەربەندێ
ئەوجار چینی فەلا و کرێکار
قەت نالێن خۆزگەمان بەپار
دەری هاویت تۆوی دژی
ڕەنجبەر بژی،
بژی،
بژی!

تاران، ڕێبەندانی 1346 ی هەتاوی [1968 ز]